# بەرد ....و.... دوعا

« 3 »

**قوبادی جەلی زادە**

بەر « ماڵ ) ی گوڵ ، چۆڵ ... ، هەمووومان باوەشمان کردۆتەوە ، بۆ چەقۆ !
گەلەری پەپووولە ، چۆڵ .. ، هەمومان دەستمان راخستووە ، بۆ زریان !
صالۆنی دوعا ، چۆڵ ... ، هەمووومان سەرەمان گرتووە ، بۆ بەرد !

لەوێ لە بەعشیقە ، دڵی پیاوێک خاڵی نیە لە رق .!
لەوێ لە بەعشیقە ، چاوی پیاوێک خاڵی نیە لە خوێن !
لەوێ لە بەعشیقە ، دەستی پیاوێک خاڵی نیە لە بەرد !

ئەی خاک :
ئەم رق ە مان لێ بستێنەوە و .. ئەستێرە مان بەرێ .
ئەم خوێن ە مان لێ بستێنەوە و .. زەیتوون مان بەرێ .
ئەم بەرد انەمان لێ بستێنەوە و .. عیشق مان بەرێ !